شیعر



سەبا هەڵەبجەیی

# وەرە با خەون ببینین

شازادە خەمگینەکەی خەیاڵم بەتۆ پێشکێشە ئازیزترین
"کوێستان"

با خەون بە سبەینێیەکەوە ببینین
کە ئیشتیاقی لە ئیشتیاقی وەرزەکان زیاتربێ
بۆ گەشتن بە ویساڵی هەتاو
وەرە با چاوەکانمان داخەین
لەودیوی بینینەوە
بازێک ئاشنابێ
بە راوی نێچیری موحبەت
لە دارستانەکانی ئێمەدا
کار بۆ هێنانی گوڵێکی تر بکەین
جیاتر بێ لە گوڵەکانی ناو
حەوشەکانی قوتابخانە و



حەوشەی ماڵ و
باخی گشتی شار
با خەون بە قۆرییەکی نوێوە ببینین
لە قۆرییەکەی عەلادین سیحراویتر
باعیفریتەکەی لە بری ئاڵتون
کوچە کوچەی جیهان بگەڕێ
نوکتە بێنێ.. خەندە بێنێ
بێزار بووین لە هەواڵی مەرگ
شەکەت بووین لە پرسەنووسین
........

وەرە با پێکەوە خەونمان هەبێ
لە بن ئەم داری باخچەیە
بە شاباڵی خەیاڵ بڕۆین
لە بری میترۆی هەمەچەشن
دەست لە پشتی (بوراق) بدەین
یاخود لە بری تایتانیک
بەلەمێکی بێ چارۆکە
بە دوو سەوڵی باریکەوە
ئۆقیانوسی عیشق تەی کەین
یا لەبری تیژڕەوترین فڕۆکە
بتوانم بفڕمە ناو ئاسمانی خەیاڵی تۆ
تۆش بفڕیتە ناو ساماڵی خەیاڵمەوە
چەند شاد دەبم کە دەبینم
خەونی پڕووشەی ناو نیگات
یا لە وێسگەی عیشقتدا پیادە دەبم
لەگەڵ تەمەنی مناڵی مۆمیاکراوی خەیاڵت



به کوچه کوچەی شاری ناو خەونتدا
رادەکەم و کۆلارەی شادیم هەڵئەدەم
تۆ نازانی .. یا دەزانی و بێدەنگی
داوی ئەم کۆلارەیەم
بەکام دارتێلی خەونتەوە
ئاڵۆسکاوە
لە دار هەڵوژەی  باخچەکەت
پڕ گیرفانم لە هەڵووژەی ترش ئەکەم
تۆ ئەزانی وپێ ئەکەنی
سەیرت لە بێ شەرمی من دێ
دەست بۆ پارچە پارچەی
نهێنی رابردووت ئەبەم
شەقامی شاری خەیاڵت
خەت خەت ئەکەم بۆ خەت خەتێن
گشت قۆناغەکان چاوەکانم دائەخەم و
بەسەر خەتەکانا ئەڕۆم
هەرناکەوم ...هەر نادۆڕێم
کە تۆ دێیتە ناو شاری خەونی منەوە
سەرتاپات ئەبێتە هەنگوین
وشەکانی ناو خەیاڵم
هەموویان ئەبن بە هەنگ و لێت ئەورووکێن
لەوان وایە تۆ گوڵێکی غەریبیت و
ئەیانەوێ تەواوت کەن
بتوێیتەوە
تا قەت نەڕۆی